# بازرگانیکردن بەمرۆڤ ..
# تەوژمێکی دیکەی کۆیلایەتی

نووسینی: مەسعود عەکو
وەرگێرانی بەدەستکارییەوە: عەلی حوسێن

**بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەقاچاخ بردنیان و تێپەڕاندنیان بە سنوورەکان، بۆتە گەورەترین چالاکی بازرگانی نایاسایی لەجیهاندا. حکومەتەکان هەلوێستێکی ئەوتۆ ناگرنەبەر بۆ سنوور دانان بەو چالاکیانە، کە بێگومان قازانجی زۆر و ئاسان ڕێگا خۆشکەرە کە لایەنەکانی دیکەی مرۆیی پشتگوێ بخرێن.**

نەتەوە یەکگرتووەکان بازرگانیکردن بە مرۆڤ وا پێناسە دەکات کە لەکەیەکی شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی، هەروەها ڕێکخراوی هاوکاری ئاسایشی ئەوروپا بەگەورەترین چالاکی نایاسایی لەجیهاندا دەیژمێرێ، هۆشیاری ئەوەشی داوە کە بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەقاچاخ بردنیان و تێپەڕاندنیان بە سنوورەکان، بۆتە گەورەترین چالاکی بازرگانی نایاسایی لەجیهاندا، کە پێشتر بازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکان لەپێشەوەی بازرگانیيە نایاساییەکان بوو،بە قاچاخبردنی مرۆڤ سالانە لەبرەودایە، چونکە قاچاخچیەکان وایدەبینن کە ئەو پرۆسەیە ترسناکی کەمترە، لە قاچاخیکردن بەمادده هۆشبەرەکان، ئەو ڕێکخراوە داواکارە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاوکار بن بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو دیاردەیە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەی ئەوانەی کە بازرگانیان پێوەکراوە و کۆیلەکراون بە چوار ملیۆن دەخەملێنێ. هەلاتن لەجەنگەکان و ڕووداوە سروشتییەکان و دەرباز بوون لەهەژاری و گەڕان بەدوای بەڵێنی درۆ بۆ کارکردن، هۆکاری ئەوەن کەئەو مرۆڤانە خۆیان بەدەست بازرگانانەوە بدەن، هەرچەندە بەشی هەرە زۆری قوربانییەکان، ناچاردەکرێن و دەرفێنرێن، بەلام هەیانە ئەوە بە چارەسەر و ڕاکردن دەزانێ بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە لەولاتەکەی خۆیدا هەیەتی.

ئازارەکان کۆتاییان نییە، ئەو مرۆڤانە لەناو قەفەسدان و دەیان جار دەفرۆشرێن، هەموو جارێکیش ئەبێ کاربکەن، تا نرخی فرۆشتنەکانیان بە بازرگانان بدەن، مرۆڤەکان ناچار دەکرێن کە لەشفرۆشی بکەن، بەشداری لەشەرە ترسناکەکان بکەن، سوخرە کێشی بکەن، بۆیان نییە تەنها چەند سەعاتێکی کەم نەبێ بخەون، بە نانەسکە کاردەکەن، ئەوانەش کە نەخۆش دەکەون چارەنووسیان مردنە، ئەو تراژیدیایانە بەوە کۆتایی نایەت کە ئەو مندالانەی بوونەتە لەشفرۆش وازیان لێبهێنرێ، بەڵکو وەك پارچەی یەدەکی مرۆیی دەفرۆشرێنەوە.

بەو شێوەیەبیست و حەوت ملیۆن مرۆڤ لە جیهاندا دەژین کە ٨٪ یان ژنان و مندالانن، لە درێژایی ئەو بازرگانیە نا یاساییە لەجیهاندا، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (I.L.O) لە دوا ڕاپۆرتیدا دەربارەی قازانجەکانی بەکارهێنانی ژنان و مندالان لەڕووی سێکسیەوە، ئەوەدەردەخا کە بازرگانان سالانە بیست و هەشت ملیار دۆلار قازانجیان دەستدەکەوێت، هەروەها نزیکەی سی و دوو ملیار دۆلار قازانجی کاری زۆرەملێییە کە بە کرێکارەکان دەکرێ. ڕێکخراوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە٩٨٪ ی قوربانیان ئەو ژن و کچانەن کە بۆ کاری لەشفرۆشی بەکار دەبرێن، سالانە نزیکەیسێ ملیۆن کەس بازرگانی پێوە دەکرێت، کە١/٢ ملیۆن مندالن و نزیکەی چل و پێنج هەزار تا پەنجاهەزار لەو قوربانیانە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگوازرێنەوە.

بازرگانیکردن بەمرۆڤ لەزۆربەی دەوڵەتانی دونیا دا هەیە، لەوانەشە لەهەموو دەوڵەتان هەبێت، بەلام لەولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازە، ئەوەش پەیوەندی بە شێوازو جۆری بازرگانیەکەوە هەیە، جیاوازی لەیاسای ئاسایشدا لەولاتاندا کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو جۆرە بازرگانیە لەهەندێ ولاتدا کەمبێت، بەلام هەر ئەو جیاوازیانەش هۆکارە لە ولاتانی دیکە زۆر بێت. لەجیهانی عەرەبیدا ئەو تراژیدیایە بەشی هەرەزۆری دەوڵەتەکانی گرتۆتەوە، بەلام لەبەر بێئاگایی کۆمەڵگا ئاماژەی پێنادرێ، زۆربەی حکومەتەکانیش هەوڵی کاریگەریان نەداوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم بازرگانیکردنە، تەنانەت لەهەندێ حکومەت چاودێریش ناکرێت، لەوانەیە ڕاپۆرتی سالانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باشترین سەرچاوەی باوەڕ پێکراو بێت، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو تراژیدیایە زانیاریمان بداتێ.

ڕاپۆرتەکەی ئەمریکا دەریدەخات کە لەسالی (٢٠٠٦) دا ئەو بازرگانیکردنە لەسەدو سی و نۆ دەوڵەتدا هەبووە، لەنێوانیاندا حەڤدە ولاتی عەرەبی هەیە کە ئەمانەن( سعودیە، قەتەر، کوێت، عەمان، ئەردەن، میسر، لیبیا، مەغریب، ئیمارات، لوبنان، سوریا، تونس، یەمەن، جەزائیر، بەحرەین، مۆریتانیا و سودان). ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی ئەو دەوڵەتانەی کە بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن بەسەر سێ پلەدا پۆلێنی کردوون، کە پلەی یەکەمیان لە ئاستێکی نزم و پلەی دووەمیان پابەندی هیچ پێوەرێك نییە بۆ

چارەسەری ئەو بازرگانییە و گیرو گرفتەکانی ، پێوەری سێیەمیان هەوڵی بەرچاو نادات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو بازرگانیە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە تەنها لەساڵی(٢٠٠٦) داهەشت هەزار کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵن وەك کاڵا مامەڵەیان پێوە کراوە، وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەی دەرخستووە کە شەش دەوڵەت زۆر بەخراپی لەو بازرگانییە تێوەگلاون کە ئەوانیش(فەنزویلا، کۆریای باکور، ئێران، سوریا، سودان، هەروەها سعودیەش) کە ئەوانە هەموویان لە پلەی سێ دا ڕیزبەندکراون، لەو ڕاپۆرتەدا کە (کۆندۆلیزا رایس) پێشکەشی کردووە، ناوی هەریەك لە (سوریا، سودان، ئێران) بە (ناوچەی پیس) هاتووە، لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە جەزائیر ئەو وڵاتەیە کە قوربانیەکانی بۆ دەربرین و ڕووبەڕووی پێشێلکاری سێکسی و کاری زۆرە ملێ دەبنەوە، لەو خاکەوەش قوربانییەکان بۆ ئەوروپا دەگوازرێنەوە، بەهەمانشێوە ئەو ڕەفتارانە لە بەحرێنیش لەگەڵ قوربانیەکان دەکرێت، وڵاتی میسرێش خاکەکەی بۆ گواستنەوەی قوربانیەکان بەکار دەهێنرێ کە بۆ ئیسرائیل دەگوازرێنەوە، لەناو وڵاتیشدا کاری زۆرە ملێ بە منداڵان دەکرێت و بە هەمانشێوە لیبیاو مۆریتانیاو ئەردەن لە پلەی دووەمدان، بەڵام مەغریب لەو دەوڵەتانە دەژمێردرێت کە قوربانییەکانی بۆ دەگوازرێتەوەو لەوڵاتەکەدا ڕووبەڕووی بەکار هێنانی سێکسی دەبنەوە و لەوێشەوە بۆ وڵاتان دەگوازرێنەوە، بەو پێیە مەغریب لەپلەی یەکەم دێت.

دەربارەی سوریا ڕاپۆرتی پشتیوانی لە مرۆڤ و دیموکراتیەت لەویلایەتە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات، سوریا ئەو وڵاتەیە کە لە ڕۆژهەڵات و خواروی ئاسیا و ئەسیوبیاوە، لەچوارچێوەی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە، ژنان ڕووی تێدەکەن و لەبازاری کاردا بەکار دەهێنرێن و ئەو ژنانەی کە لەئاسیاوە بەرەو سوریا دێن، وەك لەشفرۆش بەکار دەهێنرێن، هەروەها هەندێ ڕێکخراوی ناحکومی و ڕۆژنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەوانەیە ژنە عێراقییەکان وەك لەشفرۆش لەژێر گوشاری مافیا عێراقییەکان بەکار بهێنرێن.

نەتەوەیەکگرتووەکان داوا لە وڵاتانی جیهان دەکات کە ڕووبەڕووی ئەو دیاردانە ببنەوە بەتایبەتیش، لەشفرۆشی و کاری زۆرە ملێ کە کاریگەرییان هەیە لە هەموو جیهاندا، ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مادده هۆشبەرەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەدا داوای کردووە کە چاودێری قوربانییەکان بکرێت و ئەوانەش بدرێنە دادگا کە بازرگانی بەمرۆڤ دەکەن، لە لێکۆڵینەوە کە ئەوەش هاتووە کە قوربانیانی ئەو دیاردەیە سەدو بیست و حەوت وڵاتی گرتۆتەوە دواجار چارەنووسیان ئەوەیە کە لەسەدو سی و حەوت وڵات بەکار دەهێنرێن.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی قوربانییەکان ژن و منداڵن کە ڕووبەڕووی ڕفاندن و بەکرێگرتن دەبنەوەو دواتریش بۆ دەوڵەتانێتر دەگوازرێنەوە کە ناونراون بە دەوڵەتی (مەبەستدار) وەك: ئەڵمانیا، یۆنان، هۆڵەندا، کەزۆربەی قوربانییەکان لە وڵاتانی ئەفریقای ناوەڕاست و خوارو و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ئەمریکای لاتینی و کاریبی دوا وێستگەی قوربانییەکانە، بەزۆری وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ئیسرائیل و یابان و تورکیایە هەریەك لە وڵاتانی ئەلبانیا، هەنگاریا، ئیتاڵیا، پۆڵەندا، و تایلاند خاڵی پەرینەوەن، لە ئەفریقیا کە وەك دروستکەری ئەو قوربانیانە وایە، نێجیریا لەپێشەوەی بازرگانیکردن دایە، ئینجا غانا و مەغریب دێن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە باندی گەورەی ناوخۆ لە ئەفریقیا هەن و ئەو قاچاخیە دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتەکە وڵاتانی ئاسیا ڕۆڵی(دەوڵەتی بەرهەمهێن) لە هەمانکاتیشدا( دەوڵەتی مەبەستدار) دەگێڕن. ڕاپۆرتەکە ئەوە دەردەخا کە:(تایلەند، یابان، هیند، پاکستان) وێستگەی تۆڕی قاچاخچیە ناوخۆکانن، تایلەند و چینیش لە لیستی ئەو دەوڵەتانەن کە بازرگانی بەمرۆڤەوە دەکەن، هەروەها هیند و بەنگلادش و کەمبۆدیا و میانمار گەورەترین دەوڵەتی بەرهەمهێنی قوربانیەکانن، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات کە قوربانیەکان وێستگەی کۆتاییان: یابان، ئیسرائیل ، تورکیا، تایلەندە.

ئەو ڕاپۆرتە بەهەنگاوێکی سەرەتایی و گرینگ دەژمێردرێت کە ڕێکخراوەکە وەك هەوڵێك داویەتی بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواو داچوون، لە ئاکامە خراپەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لە هۆکارەکان و ئەگەرەکانی ئەو کێشەیە دەکات، ئەوە دەردەخات کە تا ئێستا ئامارێکی باوەڕپێکراو بۆ ئەو دۆسیەیە نەکراوە، ئەوەش بەدەردەخات کە لایەن و دەوڵەتانی پەیوەندیدار بەگرینگیەوە لەو کێشەیە ناڕوانن و بەدوای چارەسەریدا ناگەڕێن.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات زۆربەی ئەوانەی بازرگانیان پێوە دەکرێ بە ڕەچەڵەك ئاسیایین، ئەوانی تریش ئەوروپین، هەر یەك لەدەوڵەتانی ئەڵمانیا و پۆڵەندا و یۆنان، لەسەرەوەی ئەو دەوڵەتانەن کە قوربانییەکانیان بۆ دەچێت، ئەوەش لە چوارچێوەی ئەو تۆڕە تاوانکارە ڕێکخراوانە دەبێت.

هۆکاری زۆر هەن کە لەپشت ئەو کارەساتە مرۆڤانەیەن، گرینگەکەیان باری کۆمەلایەتی و ئابوورییە ، کە وڵاتانی جیهانی سێیەم پێیدا تێدەپەڕێت، هەروەها لاوازی دارشتنی یاساکان و هەبوونی جەنگ و کارەساتی سروشتی هۆکارن بۆ زیاد بوونی ئەو دیاردەیە و ئاوارە بوونی خێزانەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو خێزانانە پاڵ بەمنداڵەکانیان بنێن بەرەو کۆیلەبوون و لەشفرۆشی و گەڕان بەدوای کاردا بۆ ئەو وڵاتانە بچن، کە جۆرێکیشە لە هەڵاتن لەمردن و کوشتن کە لەو وڵاتەکەی خۆیان دووچاریان دەبێتەوە. لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە هەندێك لە حکومەتەکان هەڵوێستێکی ئەوتۆ ناگرنەبەر بۆ سنوور دانان بەو چالاکیانە، کە بێگومان قازانجی زۆر و ئاسان ڕێگا خۆشکەرە کە لایەنەکانی دیکەی مرۆیی پشتگوێ بخرێن.

کۆمەڵێك پرسیارگەل سەرهەڵدەدەن، وەك: قوربانیەکان چۆن تێوەدەگلێن؟ ڕۆڵی حکومەتەکان و ڕێکخراوەکان و یاسا چییە؟ هەڵوێستی دەوڵەتان لەسەر ئەو بازرگانیە چییە؟ هەرچەندە هەموومان دەزانین کە زاڵبوون بەسەر ئەو دیاردەیە هەوڵی زۆری دەوڵەتانی دەوێ، ئەمەش بەوە دەکرێ کە جۆرێك لە ڕاستگۆیی پیشانبدرێ لە خستنە ڕووی زانیاریەکان، هەروەها ئاکامە خراپەکان و تاوانەکانی ئەو بازرگانیە بخرێتەروو، بازرگانان و دەلالانی ئەو دیاردەیە ڕیسوا بکرێن و بە دادگا بدرێن، جگە لەوانە هۆکارەکانی ڕیشەکێشکردنی ئەو دیاردەیە بنەبر بکرێن کە سەرەکیترینیان هەژاری و دەسەلاتی دیکتاتۆریانە و باری کۆمەلایەتی دواکەوتووە.

بازرگانیکردن بەمرۆڤ تراژیدیایەکی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی و تاوانێکی قێزەونە، بەردەوام بوون بەو شێوەیەی ئێستا ئاساییە کارەساتی گەورەتریشی بەدواوە بێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەو نەهامەتی و شڵەژانی زیاتر بەرێت، چونکە مافەکانی مرۆڤ بە خراپترین شێوەلەو بازرگانییە پێشێل دەکرێت.

سەرچاوە: سایتی دروب